## راگەیاندنی کۆتایی دووەمین کۆنفرانسی
## بزووتنەوەی ڕا پرسی ( ریفراندۆم ) لە باشووری کوردستان

لە ژێر دروشمی "ڕوەو کاراکردنی ڕۆڵی ڕیفراندۆم‌و بەدەستووریکردنی مافی چارەنووس"داو بە بەشداریی نوێنەرانی سەردەم پارێزگاکانی کوردستان (دهۆك، موسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی‌و خانەقین)و نوێنەرانی بزووتنەوەکە لە دەرەوەی وڵات، ڕۆژانی ٨-٢٠٠٥/٤/٩ بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم) لە باشووری کوردستان لە هۆڵی ژووری بازرگانیی سلێمانی دووەمین کۆنفرانسی خۆی سازدا.

سەرەتا کۆنفرانسەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان‌و بەرزڕاگرتنی ڕۆحی ئەندامی کارای لیژنەی باڵای بزووتنەوەکەمان  کاك حەمید بڵباس‌و بە سروودی "ڕیفراندۆم" دەستیپێکرد.

دواتر کاك شێرکۆ بێکەس ئەندامی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم وتەیەکی گرنگ‌و بایەخداری خوێندەوە کە ناوەڕۆکەکەی تایبەت بوو بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەو گرنگیی وەك بزوێنەری هێزێکی مەعنەوی بۆ گەلی کوردستان‌و جەغتی لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ کردۆتەوە: یەکەم/ جێگیرکردنی بەندێك لە دەستووری هەمیشەییدا سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان لەلایەن خۆی‌و لە ڕێگەی ڕیفراندمەوە، دووەم/سووربوون لەسەر کوردستانیبوونی ناوچە تازە ئازادکراوەکان‌و ئیفلیجی وڵاتەکەمان بەبێ ئەو ناوچانە.

ئینجا کاك کاروان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵا بزووتنەوەکە، وتاری دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسی خوێندەوە کە چەند تەوەرو بابەتێکی گرنگی سەبارەت بە ئەرك‌و کارنامەو چالاکیەکانی بزووتنەوەی ڕاپرسی لەخۆگرتبوو، هەر لە کۆنفرانسی یەکەمەوە بیگرە تاکو دەگاتە ئەم کۆنفرانسەو هێمای بۆ ئەوە کردوە کە بزووتنەوەکە توانیویەتی ئەنجامی دڵسۆزی‌و خۆبەخشیی بەردەوامی ئەندامەکانی‌و پشتگیریکردن‌و بەپیرەوەهاتنی بەردەوامی جەماوەری کوردستان ڕێگایەکی سەخت ببڕێت‌و سەرەنجامیش وێڕای بوونە بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی شەقامی کوردستان، چەندین دەستکەوتی گرنگیش بەدەستبهێنێت، لەوانە ١/کۆکردنەوەی ملیۆنێك‌و حەوسەدو پەنجا ئیمزای گەلی کوردستان کە داوای ئەوە دەکەن لەڕێگەی ریفراندۆمێکەوە پرسیان پێ بکرێت داخۆ دەیانەوێت لە چوارچێوەی عیراقدا بمێننەوە یاخود سەربەخۆبن، ٢/ڕێکخستنی ڕێپێوان‌و چالاکیی سەرتاسەریی لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات بۆ پشتگیریکردنی ئیمزاکان‌و جەغتکردنەوە لەسەر کوردستانیبوونی ناوچە تازە ئازادکراوەکان، ٣/ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی نارەسمی لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی کوردستان‌و عیراقدا کە ٩٨,٧٦٪ی دوو ملیۆن دەنگدەر داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردوە. لە کۆتاییشدا هێمای بۆ ئەوە کردوە کە کۆنفرانسەکە دەبێت لەسەر زەمینەی واقیعی کارکردنی خۆی چەندین نەخشەو پلان‌و بەرنامەی نوێ دابڕێژێت بۆ کاراکردنی بزووتنەوەکە لە قۆناغی داهاتوداو بەدەستووریکردنی مافی چارەنووس.

تەوەرێکی دیکەی کۆنفرانسەکە خوێندنەوەی بروسکەی ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی بوو لەگەڵ بروسکەو پەیامی چەند حیزبو ڕێکخراوێکی کوردستانی کە تیایاندا دەستخۆشی لە بزووتنەوەکە کراوەو پشتگیریو هاوکاری دووپاتکراوەتەوە.

دوای ئەمانەش سێ لێکۆڵینەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کران کە بە ڕاسپاردن بۆ کۆنفرانسە ئامادەکرابوون، هەتاکو ببنە بناغەیەکی فیکریو یاساییو بڕواخوازی بۆ کاراکردنی بزووتنەوەکەو بە دەستووریکردنی ئامانجەکەی، ئەوانەش: "ریفراندۆم لە ڕوانگەیەکی فیکرییەوە" (کاک ڕێبوار سیوەیلی)، "مافی چارەنووس بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان" (کاک ئاسۆ کەریم)و "مافی چارەنووس لە دیدێکی ئیسلامیەوە" (ئەبوبەکر کاروانی). شایانی باسە، گفتوگۆیەکی زۆر و تێروتەسەل لەسەر ئەو بابەتانە کرانو بە بیروڕای هەمەجۆر دەوڵەمەند کران.

لە دوەمین ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا، کە تایبەت بوو بە ئەندامانی بزووتنەوەکە، لیژنەکانی پارێزگاکانی کوردستانو دەرەوەی وڵات ڕاپۆرتی گشتیی خۆیان خوێندەوە کە تیایدا باسی قۆناغی پێشووو ڕەوتی کارەکانو کەموکوڕیو داواکارییەکان بۆ کاراکردنی کارەکان کراوەو پێشنیاری چارەسەریش بۆ گیروگرفتەکان خراونەتەڕوو. پاش گفتوگۆی هەمەلایەنو بە ڕۆحێکی دیموکراتیانە مەسەلەکان تاوتوێکرانو چەند خاڵێك کرانە بڕیارو ڕاسپاردەی کۆنفرانسو جەغت لەسەر ئەوەش کرایەوە تێکڕای ڕاپۆرتو وتارو لێکۆڵینەوەکانو گفتوگۆکان لە نامیلکەیەکدا کۆبکرێنەوەو بڵاوبکرێنەوە.

سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات بڕیاری ئەوە درا کە ئەوان تاقە نوێنەری بزووتنەوەکەمانن لە دەرەوەی وڵاتو پێویستە هەموو ئەو تاكو ڕەوتانەی دیکە کە باوەڕیان بە بەرنامەی بزووتنەوەکە هەیە بێنەوە ناو چوارچێوەی بزووتنەوەکەو بەشێوەیەکی دیموکراتیانە ئیش بۆ کاراکردنی ڕۆڵی نێونەتەوەییانەی خۆیان بکەن. هەروەها بڕیاری بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستانو دۆزینەوەی میکانیزمی چاکتری ڕاپەڕاندنی کارە هاوبەشەکان درا.

باسێکی دیکەی کۆنفرانسەکە، گفتوگۆکردن بوو لەسەر "ریفراندۆمنامە"- کارنامەی بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم) لە باشووری کوردستان، کە پێکهاتوە لە دوو بەشی سەرەکی: ١/ناسنامەو ئامانجو پرنسیپەکان، ٢/چوارچێوەی خۆڕێکخستن. پاش تێڕوانین دەربڕینو تاوتوێکردنی هەمەلایەن، لیژنەیەك هەڵبژێردرا بۆ دەستکاریکردنی کارنامەکە بەپێی ئەو تێڕوانینانەی دەربڕانو بڕیاریان لەسەر دراو دواتر بنێرێتەوە بۆ کۆمیتەکانی پارێزگاکانی کوردستان بۆ پێڕەویکردن. لێرەشدا جەغت لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بەپاراستنی ناسنامەو ئامانجو پرنسیپەکان، شێوازی خۆڕێکخستنی گونجاو لەگەڵ ئەو وڵاتانە پێڕەوبکەن کە باشترو کاریگەرترە.

لە کۆتاییشدا کۆنفرانسەکە بە سروودی "ریفراندۆم"و چەپڵەڕێزان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**دوەمین کۆنفرانسی**

**بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم) لە باشووری کوردستان**

**٢٠٠٥/٤/٩ سلێمانی**